# دوای بەهاری عەرەبی ، کێشەکانی هەرێمی سینا لەنێوان ئیسرائیلو میسردا

ئا : هاشم ئەمین





هەرێمی سینا یەکێکە لەو ناوچانەی کێشەی ئەمنی بۆ ئیسرائیل دروستکردوە، بەتایبەتی لەم ساڵانەی دوایدا کەشوێنەواری هێرشەکانی لەسەر سنور دەرکەوتوە لەگەڵ کۆمەڵە جیهادییەکان، کە ئامانجیان ئیسرائیلەو دەیانەوێ بچنە ناو خاکەکەیانەوە، بەتایبەتی هێرشی ئەم دواییە بۆ سەر رەفح کەشانزە سەربازی میسر کوژران، ئەمەش ترس لەلای ئیسرائیل دروستکردوە و بەسەرەتای مەترسیەکانی کێشە سنورییەکانی باشور دەزانێت، ئەو پرسیارەیی لەناوەندی رای گشتیو نوخبەی ئیسرائیل دروستکردوە، کەئیسرائیل چۆن ئاراستەی مەترسییەکانی سینا لەسەر ئەمنی قەومی ئیسرائیل دەکات؟ یان کاریگەری لەسەر پەیوەندییەکانی میسر- ئیسرائیل چۆن دەردەکات؟ بەتایبەتی لەسەردەمی حوکمی سەرۆک محەمەد مورسی، کەگۆڕانکاری لەسەرکردە سەربازییەکانی میسردا کرد، کاتێک موشیر محەمەد حسێن تەنتاوی و فەریق سامی عەنانی خانەنشین کردو لەجێی ئەو وەزیری بەرگری نوێی بەتەواوی سەلاحیاتەوە دامەزراند.

## ترسی ئیسرائیل لەهەرێمی سینا لەزیادبووندایە

بەو پێیەی ماوەیەک بەسەر رێکەوتی ئاشتی نێوان میسرو ئیسرائیل لەسەر ناوچە کێشە سنورییەکان لەسەر سنوری ئەو وڵاتە تێپەریوە، لەم ساڵانەی دوایشدا و لەسەردەمی حوکمی موبارەکدا، بەچەند کردەیەکی سەربازی هەستا، لەدژی کۆمەڵە جیهادییەکان لەسینا، لەکاتێکدا ئیسرائیل پێیوایە میسر نایەوێ چارەسەری تیرۆری هاووڵاتییەکانی بکرێت لەسیناو هاوپەیمانەکانیان لەگەڵ کەتیبە جیهادییەکان لەغەزە، بەپێی لێکدانەوەکانی ئیسرائیل هەندێ لەنوخبەی ئیسرائیل پێیوایە کەلەسەردەمی حوکمی موبارەکدا میسر زانیاری هەڵەی رەوانەی ئیسرائیل کردوە دەربارەی کۆمەڵە جیهادیە ئوسولیەکان لەغەزە لەوانەی دەزگایە، ئاسایشی میسر گومانی جەنگ لەگەڵ مقاوەمەی فەلەستین ئیسرائیل بەکاربهێنی ، ئەمەش بەتێپەربوونی کات مەترسی لەسەر ئاسایشی میسر زیاددەکات، لەلایەن ئەو کۆمەڵانەوە لەکاتێکدا کەسیاسەتی رەتدانەوەیان دەبێت.

سەبارەت بەو ناوچانەش تیفی بارئیل لێکۆڵەری کاروباری عەرەبی لەرۆژنامەی هائارتسی ئیسرائیلی سەبارەت بەکوژرانی (16) سەربازی میسری لەکردە سەربازییەکانی ئەم ساڵ، پێیوایە ناوچەی سینا هەرێمێکە لەسەردەمی حوسنی موبارەکیشدا کۆنترۆڵ نەکراوەو، هەر لەو سەردەمانەشدا هێرش کرایە سەرناوچەی تاباو شەرم شێخ، گواستنەوەی چەک بۆ کەرتی غەزە، جێگربوونی شانەکانی قاعیدە لەشاخی هیلال.

لەبەرامبەردا ئەو ئاراستەیەی کەلەناوخۆی ئیسرائیلدا هەیە، پێیانوایە ئەوەی کەلەسینا روویدا تەنها کۆمەڵەی باندی تاوانکاری بوون بۆ بردنی ماڵو سامان خەڵکی بووە، لەمبارەیەشەوە وتەبێژی سەربازی ئەلکیس فیشمان لەرۆژنامەی (بدیعوت احرونوت) پێیوایە کۆمەڵە چەکدارییەکان (سینا کارتیل ئیجرامی) پێکهاتوون لەکۆمەڵی خێڵی بەدەوی کەدەستیان بەسەر سینادا گرتوە، هێرشەکانی کارتیل دژی میسرو ئیسرائیل و هەرکەسێکی ترە بۆ ئەوەی سەروەتو سامانی دەستکەوێت بەبێئەوەی بیەوێ چەکو خۆراک و مادەی بێهۆشکەر ئافرەتی بوێ.

ئەوەی جێی تێبینە کەئەم وتەبێژە ئیسرائیلە هاوشێوەی وتەکانی محەمەد مورسی .باس لەوەدەکات کەلێدان لەسەرکردەکانی هێزی چەکدارو لەناوچەی سینا لەلایەن کۆمەڵێ هێزەوە بەوپێیەی کەتۆڵەی ئەو چەند کردە کوشتارییەو لەسەربازەکانی میسر دەبێ بکرێتەوە.

مورسی سورە لەسەرئەوەی کەئەوانە هەستاون بەکردەی تیرۆریستی لەسیناو کردەیەکیان ئەنجامداوە، بۆئەوەی تۆڵەی خۆیان لەرەوتە ئیسلامیەکان بکەنەوە، لەهەمانکاتدا زاراوەی کۆمەڵەی جیهادییەکانی یان ئیسلامی توندرەو بەکارهێناوە.

شکستی رژێمی موبارەک لەشۆرشی (25)یەنایەر ، ئیسرائیل پەیوەندییەکانی لەگەڵ سەرکردە نەیارەکانی بەهێزکرد بۆ رێکرگرتن لەرێککەوتنی ئاشتی، بەو پێیەی ئەمریکا یاری بەهێزەکان دەکات لەقاهیرەو پشتگیری ئەمنیان دەکات، بەتایبەتیش ئەو مەسەلانەی کەپەیوەندی بەسیناوە هەیە.

ئەو دەستەی کەهێرشی کردەسەر رەفح بووە هۆی سزادانی بەرێوەبەری موخابەراتو لابردنی موشیر تەنتاویو فەریق سامی عەنان بەخانەنشین کردنیان و بەدانانی وەزیری بەرگری نوێ، بۆیە ترسی ئیسرائیل روو لەزیادبوونە، بۆیە ئەو مەسەلانەی کەپەیوەندی بە سیناوە هەیە، یان ئەو پەیوەندیانەی نێوان هەردوو وڵات بەگشتی، بەتایبەتی دوای ئەوەی سەلاحیاتی تەواویدا بەوەزیری نوێ، کە رۆڵی سەرەکی هەیە لەنێوان پەیوەندی میسرو ئیسرائیل، ئایا مورسی هەمان ئەو رێککەوتنانە دوبارە دەکاتەوە لەگەڵ ئیسرائیل؟ یان ئەو ئاراستەیەی کەدژەو داوای پێداچونەوە بەرێککەوتنامەی ئاشتی دەکات کەدەیەوێ ئازادیەکی فراوان بدرێت بەسوپای میسری لەخاکی سینا بەسەردەچێت.

## پاساوەکانی ئیسرائیل

بەوپێیەی کەئاماژەکانی نیەتی مورسی بۆ پێکدادانیو چوونە ناو ئیسرائیل روون نەبووەتەوە، بەتایبەتی کەبارودۆخی ناوخۆیی

میسر ناجێگرەو قەیرانی سینا هەیە، لەبەرامبەر ئەمەشدا ئیسرائیل ئامادەیە کۆمەڵێ پێشنیار بخاتەڕوو بۆ مامەڵەکردن لەسەر کێشەی سینا.

**ئاراستەی یەکەم:** ئیسرائیل رەخنەی ئەوە لەمیسر دەگریت کەرێگرە لەوەی پلانێک هەبێت بەچاودێری ئەمریکا بۆ رێکخستنی هێزی ئەمنی بۆ قەلاچۆکردنی کردەوە تیرۆریستەکان، بۆیە ئیسرائیل بەو ئاراستەیەکاردەکات کە لەئێستادا خۆی هێزێک بێت، لەمانگی حەوتدا لەسەروتاری واشتن پۆستدا هاتوە کەکوژرانی (16) سەربازی میسری بەدەستی کۆمەڵە تیرۆریستەکان کەلەسینا بلاوبوونەتەوە، پێویستە لەسەر حکومەتی میسری کەبەسیاسەتی خۆیدا بچێتەوەو هاوکارییە ئەمنیەکان لەگەڵ ئیسرائیل کەمبکاتەوە بەتایبەتی لەناوچە سنورییەکان، ساڵی رابردو ئەمریکا پێشنیاری پشتێنەی هاوکاری سەربازی میسری کرد بۆ رووبەڕووبوونەوەی تیرۆر، هەروەک رۆژنامەی هائارتس بلاویکردەوە، کەسەرۆک محەمەد مورسی پێش نەخشەی ئەمریکا بەوردی داوای ئەوەی کرد کەشوێنی کۆمەڵە ئیرهابیەکان لەسینا کەشف بکات. هەر لەزاری ئەو رۆژنامەیەشەوە سەرۆکی سوپا رازیبووە بەهاوکاری ئەمریکا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر.

**ئاراستەی دووەم:** ئیسرائیل رێگە بەمیسردەدات بەهاتنەناوەوەی کۆمەڵێ سەربازو ئەفسەرو چەکدار بۆ ناوخاکی سینا بۆ ماوەیەکی دیاریکراو، تاوەکو کۆتایی بەو کردەوە سەربازییانە بهێنن‌و رووبەڕووی تیرۆر ببنەوە، رۆژنامەی جیرون یوم پۆست ئەوەیە بلاوکردەوە کەئیسرائیل رازیبووە بلاوبوونەوەی حەوت کەتیبەی میسر لەسینادا، کەئەو ناوچەی ناسراوە بەناوچەی

> ئیسرائیل رێگە بەمیسر دەدات بەهاتنەناوەوەی کۆمەڵێ سەربازو ئەفسەرو چەکدار بۆ ناوخاکی سینا بۆ ماوەیەکی دیاریکراو، تاوەکو کۆتایی بەو کردەوە سەربازییانە بهێنن‌و رووبەڕووی تیرۆر ببنەوە

(ج)وەزیری بەرگری ئیسرائیل ئێهۆدباراک ئاماژە بەوە دەکات کەهیچ کێشەیەکیان بۆ میسر دروستنەکردوە، بەڵکو تەنها داوای لەمیسر کردەوە هێز رەوانەی سینا بکات بۆ رووبەڕووبوونەوەی تیرۆر کەمەترسی لەسەر هەردوو وڵات هەیە.

ئەمەش لەگەڵ ئاراستەی یەکەمدا دژ ناوەستێتەوە، بەڵکو ئیسرائیل بەم دوو ئاراستەی کاردەکات.

**ئاراستەی سێهەم:** ئیسرائیل ئامادەیە دانوسانی رەسمی لەگەڵ میسردا بکات‌و بەو رێککەوتنەدا بچێتەوەو ئەمەش تاوانبارکردنی خەڵکی میسر ورۆکەکەیان نییە، بەلام ئێمە مەرجمان هەیەو داواکاری میسرییەکانیش بەشێوەیەک کەهەڕەشەیە بۆ ئیسرائیل، لەهەمانکاتیشدا ئامادەین بۆ دانوسان کەمەرجی پێشوەخت دیارینەکەن، بەلام پێشکەشکردنی داواکاری نوسراو بەمەبەستی رێکخستنی ئەمنی‌و زانیاری فراوانی لەچوارچێوەیەکی دیاریکردودا، ئەوا ئەگەری ئەوە هەیە کەقبوڵی ژمارەیەکی تری سەربازی میسری بکەین، بەلام بەبێ ئەوەی دەستبەرن بۆ چەک بەپێی رێککەوتنەکە، ئیسرائیل دەست بۆ ئەم ئاراستە درێژدەکات، بەلام بەبێ ئەوەی ئەو دوانەی پێشوو رەتبکاتەوە.

**ئاراستەی چوارەم:** میسر دەتوانێ پەیوەندییە دبلۆماسیەکانی لەگەڵ ئیسرائیل رابگرێت، بەبێ ئەوەی دەست بۆ رێککەوتنی ئاشتی بەرێت، لەم نێوەندەشدا هیچ رێگرییەک نییە بۆ جولەپێکردنی سوپای میسری لەسینا، لەکاتێکدا کەئەمە روویدا ئەوا سوپای ئیسرائیلش دێتەسەر سنورەکانی میسر، لەمبارەیەوە (عودید عیران) لەبەرێوەبەری لێکۆڵینەوەی ئەمنی قەومی ئیسرائیل دەڵێ"هەر هەنگاوێکی تاک لایەنانە بۆ هەڵوەشاندنەوەی پەیوەندی دبلۆماسی لەنێوان میسرو ئیسرائیل، ئاماژەیە بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەو رێککەوتنە، ئەمە لەکاتێکدا کەکۆنگرێسی ئەمریکا کۆمەڵی هەنگاوی دژی میسرناوە".

**ئاراستەی پێنجەم:** ئەفرایم ئینبا بەرێوەبەری دامەزراوەی بیجن سادات" میسر توانای هەیە سنورەکانی لەگەڵ ئیسرائیل رێکبخاتو، مەترسیەکان و هەرەشە لەسەر ئیسرائیل زیاتر بکات، ئەمە لەبەردەم ئیسرائیل دا نابێت بکات، ناوچەیەکی دابراو لەسینا دروست بکات، وەکو پشتێنەی ئەمنی، بۆ نەهێشتنی هێرشەکان لەسەر خاکی خۆی.

**سەرچاوە: مجلة السياسة الدولية، عدد 189، تشرینی یەکەمی 2012.**